# شەونم

هۆنراوەی (95)

**سحر با باد می گفتم حدیث آرزومندی**

بەیانی زوو بە سروەم گوت بەیانی ئارەزوومەندی
خەبەریان دا هومێدت بێ بە ئەلتافی خوداوەندی
قەڵەم کوا ئەو زمانەی پێت بڵێ رازی ئەوینی دڵ
لەلای ژووروو وتارە باس و خواسی ئارەزوومەندی
ئەرێ ئەی یۆسفی کەنعان کە ئێستا بوویە شای میسرێ
لە بابت پرسە، بۆکوێ رۆیی مەیلی باب و فرزەندی
روحم کوانێ لە نێوچاوانی دنیای پیری قەشمەر دا
دڵی پێ خۆش مەکە مەیخۆ فریوی بەزم و گۆوەندی
لە دنیادا ئەوەی قازانج ئەکا دەروێشی دڵخۆشە
خودایە دەوڵەمەندم کەی بەدەروێشی و زەماوەندی
نەزای سوبح و هەناسەی شەو کلیلی گەنجی ئاواتە
بڕۆ بەو رێیەدا، تاکوو دەگەی بەو یارە پێی بەندی
تەماکردن لە پێشەی بۆ هومای وەک تۆ بەرز تاکەی
حەیف بۆو سێبەری پیرۆزە وا بێگانە لێی سەندی
بەشێعری حافزی خۆ رادەنێن بۆ رەقس و هەڵپەڕکێ
کچی چاومەستی کشمیری و تورکانی سەمەرقەندی

حافزی حەقیقی